# ڕەنگدانەوەی هزری بەرگری لە پەندی پێشینانی کوردیدا
## توێژینەوەیەکی وەسفی، شیکارییە

**ID No. 464**

(PP 97 - 106)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.8

**سازان جوهر حمەغریب**

بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

sazan.hamaghareb@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2021/11/22**

**پەسندکردن : 2022/10/30**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی هزری بەرگری لە پەندی پێشینانی کوردیدا)یە، دەرفەتێکە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو هزر و بیرۆکانەی لەبارەی بەرگری و هاندان بۆ بەرخودان و یاخیبوون و یەکگرتن و چاونەترسیدان، کە لەناو پەندی پێشینانی کوردیدا بەشێوەی گوزارشتی جیا ڕەنگیان داوەتەوە. توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەمیان تیۆرییە و دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چەمک و زاراوانەی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی بەرگری پێویستن وەکو زاراوەی بەرگری و چەمکی بەرگری لە بواری سیاسەتدا و ئەدەبی بەرگری و ڕۆڵی زمان لە ئەدەبی بەرگریدا و دروستبوونی خەسڵەتی بەرگری لە ئەدەبی کوریدا. لە تەوەری دووەمدا پێناسە و خاسیەتی پەند لەگەڵ ڕوخسار و ناوەڕۆکی پەندی پێشینان خراوەتەڕوو. ئەوەی پەیوەست بێ بە بەشی دووەمیشەوە سەرلەبەری پراکتیکییە و هەوڵدراوە گوزارشتە جیاجیاکانی شێوازی بەرگریکردن لەناو پەندەکان لێکجیابکرێنەوە و لەژێر ناونیشانی تایبەت پۆلێن بکرێن. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان، و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** زاراوەی بەرگری، چەمکی بەرگری، ئەدەبی بەرگری، پەند، بەرخودان، یاخیبوون، گیانفیدایی.

### 1- پێشەکی:

فۆلکلۆری کوردی بە هەموو لقەکانییەوە گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەر و سامانێکی لە بن نەهاتوون و ناواخن کراون بە وانە و تێبینی و فەلسەفە و ئامۆژگاری و تاقیکاری باب و باپیران،لە ناو لقەکانی فۆلکلۆریش پەند و قسەی نەستەقی کوردی بە چرایەکی زێڕین دادەنرێت، کە ڕووناکییەکەی گەیشتۆتە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و بەسەدان هزری جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، کە دەتوانرێت بۆ هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری سوودی لێ وەربگیرێت.

بەرگریکردن وەکو چالاکییەکی مرۆڤایەتی لە هەموو کاتێکدا بوونی هەبووە، چونکە ویژدانی مرۆڤایەتی هەموو گەلێک ناتوانێت قبووڵی ستەم و زۆرداری و دەستدرێژی بە ناهەق بکات، هەموو تاکێکیش ناتوانێت بەرگەی لە گۆڕانی هیوا و ئاوات و ئازادییەکانی بگرێت، بۆیە بە هەر ڕێگایەک لە ڕێگاکان بێت هەوڵی بەرگریکردن لە خۆی و بیروباوەڕ و بنەماکانی دەکات. بێگومان پەندەکانیش، وەکو هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، ڕۆڵیان لە ڕەنگدانەوەی هزری بەرگری و ئەو بابەتانە هەبووە کە پەیوەستن بەو چەمکە و بەشێوازێکی جوان و ناوازە و بەگوێرەی ئەو سەردەمەی، کە پەندەکەی لێ بەرهەم هاتووە گوزارشتی لێکراوە و لە ڕووخسار و ناوەڕۆکێکی ڕێکوپێکدا هزرە بەرگرییەکانی تیادا دارێژراوە و پەیامی خۆی گەیاندووە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: هۆی هەڵبژاردنی ئەو باسە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تا ئێستا ئەو کارە ئەکادیمییانەی لەبارەی ئەدەبی بەرگری ئەنجامدراون زیاتر کاریان لەسەر ژانری شیعر و چیرۆک کردووە و بەشێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بنەماکانی ئەدەبی بەرگرییان لەناو پەندەکاندا بەدیارنەخستووە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێت بە بەشێکی بچووک لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

میتۆدی لێکۆڵینەوە: لێکۆڵینەوەکە پەیوەستە بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەوی میتۆدی وەسفی شیکاریی کراوە.

سنووری لێکۆڵینەوە: وەکو لە ناونیشانەکە ئاماژەی پێکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنووری ئەدەبی بەرگریدا ئەنجامدراوە و پەندەکان کراون بەو مەیدانەی کە خەسڵەت و هزری بەرگریان تیایاندا ڕەنگیداوەتەوە.

پلان و پێکهاتەی لێکۆڵینەوە: بە مەبەستی چڕکردنەوە و کورتبڕی، باسەکە دابەشی سەر دوو بەش کراوە، بەشی یەکەم دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم تایبەتمەندە بە ناساندنی چەمک و پێناسەی بەرگری لەڕووی زاراوە و، واتای بەرگری لە سیاسەتدا و ئەدەبی بەرگری و ڕۆڵی زمان لە ئەدەبی بەرگریدا و خەسڵەتی بەرگری لە ئەدەبی کوردیدا. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ پێناسە و خاسیەتی پەندەکان و بەدیارخستنی ڕووخسار و ناوەڕۆکی پەندەکان و نموونەهێنانەوە بۆیان. بەشی دووەمیش سەرلەبەری پراکتیکییە و بریتییە لە دەرخستن و ڕەنگدانەوەی ئەو هزر و بیرۆکانەی دەربارەی چەمکی بەرگری و هاوشێوەکانین و لەناو پەندەکاندا گوزارشتیان لێکراوە.

**2- چەمک و پێناسەی بەرگری:**

**1.2 زاراوەی بەرگری:**

زاراوەی بەرگری لە زمانی کوردیدا هاوواتایە لەگەڵ زاراوەی بەرخودان، و بەرامبەر زاراوەی (المقاومة)یە لە زمانی عەرەبییدا (نظام الدين، ١٩٩٠، ل٦١). هەروەها بەرامبەر زاراوەی (defense - resistance) لە زمانی ئینگلیزییدا بەکاردەهێندرێت (ابراهيم ، ؟، ل١١٥).

**2.2 چەمکی بەرگری لە بواری سیاسەتدا:**

چەمکی بەرگری ئەو چەمکەیە هەر کە گوێمان لێدەبێت یەکسەر بیرمان بۆ تێکۆشان و خەبات و بەرخودان دەچێت، بۆیە ئەگەر لە دونیای فراوانی سیاسەتدا بۆ واتاکانی چەمکی بەرگری بگەڕێین ئەوا واتایەکی قووڵمان دەست دەکەوێت، چونکە زیاتر ئەو بەرهەڵستیکردن و بەرەنگاریانە دەگرێتەخۆ، کە میللەتانی ژێردەستە و ستەملێکراو لە دژی ناحەزانیان دەیگرنەبەر.

بەرگری ئەوکاتە چرۆ دەکات، کە ((هەر تاکەکەسەک ل دەمێ هەست ب زوڵم و ستەمێ دکەت و دگەهیتە وێ باوەرێ، کو گەل و وەڵات و نیشتیمانێ وی یێ ژلایێ ڕژێمەکێڤە هاتییە داگیرکردن، و ئازادی و سەربەستی یا چوارچوڤەکریە، سەرەدەرییا وێ ڕژێمێ دگەل وی گەل و نەتەوەی یا دوورە ژ هەمێ پرەنسیپێن دیموکراسی و مافێ مرۆڤی، شورەشەک و بزاڤەک ژێ دقادا خەبات و بەرخوەدانێ دایە و مەبەستا وێ لڤین و بزاڤ و شۆڕەشێ ئەوە، کو وەڵاتێ وی ڕزگار ببیت، ئەڤ کەسە ب بیر و باوەرەکا موکم یا نەتەوەی و نیشتیمانی و وەڵاتپارێزی پەیوەندیێ ب وێ شۆڕەش و بەرخودانێ دکەت)) (تەيرۆ، ٢٠١٢، ل١٢).

بێگومان ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ((بەرگریکردنی مرۆڤایەتی نە ڕووبەڕوونەوەیەکی زگماکییە، نە توندوتیژییە بەرامبەر دوژمنی داگیرکەر، بەڵکو بەرگرییەکی مرۆڤایەتی ڕەوایە دژی هەر کەسێک، کە کار دەکات بۆ کوشتن و نەهێشتنی هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و جوامێرانە)) (جمعة، ٢٠٠٧، ل٥١).

کەواتە دەکرێت بڵێین: چەمکی بەرگری بریتییە لە بەربەرەکانێ کردنی شتێک لەگەڵ شتێکی دیکەدا، کە نەگونجانی و دژیەک لە نێوانیاندا هەبێت. بۆیە لە بواری سیاسەتدا زیاتر بە واتای هەوڵدان و ئاڕاستەکردنی تاک و کۆمەڵانی خەڵک دێت بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی و هزری. بە واتایەکی تر چەمکی بەرگری و بەرگریکردن خۆی لە خۆیدا هزر و چالاکییەکی مرۆڤایەتییە و هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بەرگری لە بیروبۆچوون و خێزان و گەل و وڵاتی خۆی بکات و لەپێناو بەرژەوەندییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیدا لە بەرگریکردندا بێت، هەر ئەمەشە وایکردووە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥) بڕگەی (٥١) لە دەستورەکەیاندا تایبەت بکەن بە مافی بەرگریکردنی میللەتان و گرنگی بەم چەمکە لە بواری سیاسەت بدرێت:

**3.2 ئەدەبی بەرگری:**

چەمکی بەرگری، وەکو ڕوونمان کردەوە، ((لە سەرەتادا لە بوارێکی دیکە سەریهەڵداوە و واتاکەی سنوورێکی دیاریکراوی بۆخۆی وەرگرتووە، وەک زاراوەیەک شوێنی خۆی کردۆتەوە، ئەویش لە بواری ڕامیاریە، و لە دواییدا بەپێی پەیدابوونی چەند خاسیەتێکی تایبەت بە ئەدەبی میللەتان ئەم زاراوەیە چۆتە ناو ئەدەب))ەوە (شوكری، ١٩٩١، ل٩٧).

ئەدەبیش ئەو ئاوێنەیە، کە چی لەناو گەلدا هەبێت تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە کارێکی نامۆ نییە ئەگەر ببینین چەمکی بەرگری لەناو جۆرەکانی ئەدەبی میللەتێک ڕەنگ بداتەوە، چونکە نووسەر و (ڕۆشنبیر و شاعیران پێشەنگی کاروانی هۆشیاریان کرووده و بەر لە خەڵکە ئاساییەکە هەستیان ... بە کارەساتەکان بزواوە و هەستی پەنگ خواردووی ناخی گڕگرتوویان گڕکانی تەقیوەتەوە و کڵپەی سەندووە) (ئاگرین، ١٩٩٦، لا١٧)، ئەوان لە ئاوێنەی واقیع و ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانی ژیان دەگوازنەوە و واقیع لە بەرهەمەکانیان بەرجەستە دەکەن و لە خۆشی و ناخۆشی نەتەوەکەیاندا بەشدار دەبن، بۆیە دەکرێ بڵێین: چینی ڕۆشنبیر بە گشتی و نووسەر و شاعیران بە تایبەتی، لە ئەنجامی گرنگیدانیان بە خەبات و تێکۆشان و بەرەنگاری میللەتانەوە وایانکرد چەمکی بەرگری لە بواری سیاسەتەوە بگوازرێتەوە ناو بواری ئەدەبیات.

لە ئەدەبیاتیش بە پلەی یەکەم لە شیعر زیاتر بەدی دەکرا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیعر ئاسانتر بە خەڵک دەگات و ((لە هەموو جۆرە ئەدەبەکانی تر کاریگەرتر دەبێت بەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر کۆمەڵگا و میللەتەکاندا دێت)) (ئامێدی، ٢٠٠٥، ل١٩)، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە لە جۆرەکانی تری ئەدەبدا خەسڵەتی ئەدەبی بەرگری بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو دەست بۆ هەر کامیان ببەیت بە زیادەوە خەسڵەتی بەرگریت لەناو دەقەکاندا بۆ دەدۆزرێتەوە، کە گیانی وروژاندن و زیندوویەتی و بوێری و بۆنی ئازادی و گیانفیدایی دەنوێنێت.

ئەدەبی بەرگری ((ئەدەبێکە بەرگریکەران خۆیان لەناودا دەبینن و لەناودا دەیانبینن و هەموو خەڵک هەستیان پێدەکەن. ئەم ئەدەبە لەناو تاقیکردنەوەیەکی قووڵی مرۆڤایەتی پەروەردە بووە، ئەویش تاقیکردنەوەی جەنگ و بەرگرییە، ئەدەبی بەرگری تاکە ئەدەبێکە لە نێوان ئەدەبە مرۆڤایەتییەکاندا بە گشتی لە بارودۆخێکی ناسروشتی دێتەبەرهەم.. ئەویش بارودۆخی خەڵک و بڕیاردانی چارەنووسی مێژووییە)) (ئامێدی، ٢٠٠٥، ل٢٠).

سەرەڕای هەموو ئەمانەی باسکران، دەکرێ بڵێین: ڕاستە ئەدەبی بەرگری ڕۆحی گیانفیدایی و بەرخودان و هەوڵدان بۆ ئامانجی تێدایە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە (وا هەست بکەین کە ئەم ئەدەبە تەنها گوزارشت لە ئەزموونی جەنگ یاخود ڕق و قینە و تۆڵە و چەوساندنەوە دەکات) (نجم، ٢٠٢٢)، یا ئەدەبێکە تەنها گوزارشت لە ناوەڕۆکی سیاسی دەکات، بەڵکو ئەدەبی بەرگری ((ئەدەبێکە گوزارشت لە کارکردن دەکات لەپێناو تەقینەوەی ئەو هێزە ئەرێنییانەی، کە پێویستن بۆ بەرەنگاربوونەوە)) (نجم، ٢٠٢٢)، هەروەها دەکرێ بڵێین: (ئەدەبێکە گوزارشت لە دیدێکی گشت و مرۆڤایەتی دەکات، نەک خۆی بە بوارێکی تەسک ببەستێتەوە) (نجم، ٢٠٢٢).

کەواتە واتای بەرگری زۆر لەوە فروانترە، کە تەنها ببەسترێتەوە بە بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیان جۆرێک لە بەرگریکردن هەیە بەرامبەر ئەو ئامانج و مەبەستانەی، کە مرۆڤ دەیەوێ لەسەر شانۆی ئەم ژیانە بۆی بێتە دی. هەر ئەمەشە وایکرد، کە بەتەنها واتای بەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و پەلاماردان لە بواری سیاسەتدا نەبێت، بەڵکو بوون و واتای ئەم چەمکە لەناو هەموو ململانێ و بوارەکانی ژیان بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆئەوەی ئەدەبی بەرگری ئەزموون و تاقیگەی خۆی لە مەیدانی جەنگەوە بۆ ناو جۆرە جیاوازەکانی ئەدەب بگوازێتەوە، لەوێشەوە گوزارشت لە هەموو ئەو بابەت و باسانە بکات، کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی گرنگن.

لەناو کوردیشدا د.عبداللە ئاگرین (٢٠١٥) بیروڕایەکی تایبەتی لەم بارەیەوە هەیە، دەڵێت: (ناکرێ بەرگری تەنها بۆ بواری شەڕ و جەنگ دابنرێت، بەڵکو گەر مرۆڤ بیر بکاتەوە لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا خوڵقاوە مرۆڤ زانیوویەتی بەرگری بەرامبەر ژیان بکات لە سەرما و گەرما و ناخۆشییەکانی ژیان ... هتد)، بۆیە لە پێناسەی ئەدەبی بەرگریدا دەڵێت: (ئەدەبی بەرگری بەرگرییە لە بەها مرۆڤایەتییەکان بە هەموو واتاکانیەوە، ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییانە بە تێپەڕبوونی کات لایەنی هونەریان کاڵ نابێتەوە و ئاکام و ئامانجەکانی وەک خۆی ئەمێنێ، بۆیە خۆی لە خانەی زیندوو ئەبینێتەوە) (ئاگرین، ٢٠١٥). لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین: چەمکی بەرگری لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتی دەستیپێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە، لە ئەدەبیشدا (بە شێوەیەک لە شێوەکانی کۆنە بە قەد کۆنیەتی ئۆدیسە و گۆرانی سیسرا، بەشێوەیەکی تریش نوێیە بەقەد نوێیی فرۆکە و تانک) (ئامێدی، ٢٠٠٥، لا٣٠)، واتا لەگەڵ هەموو سەردەمەکان و لە پاڵ هەموو ناوەڕۆک و مەبەستەکانی تری ئەدەبدا بوونی هەبووە و تا دواتر لە قاڵبێکی دیاریکراودا بە ناوی ئەدەبی بەرگری خۆی نواندووە. هەر ئەم ئاسۆ فراوانەی چەمکی بەرگری وایکرد بەشێک لە سەرچاوەکان ئەدەبی بەرگری بۆ سەر سێ ڕەهەندی سەرەکی دابەش بکەن، کە ئەوانیش:

١- ڕەهەندی مرۆڤایەتی. ٢-ڕەهەندی نەتەوەیی. ٣- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی. (نصار، ٢٠٠٧، ل١٩).

**4.2 ڕۆڵی زمان لە ئەدەبی بەرگریدا:**

واتای بەرگری چ لەناو سیاسەت بێ چ لەناو ئەدەب بریتییە لە دیاردە و چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی زمانەوە پەیڕەو دەکرێت. زمانیش سیستەمێکی دەربڕینە و هیچ بوارێکی ژیان بە بێ زمان بە مەرام و ئامانجی سەرەکی خۆی ناگات، چونکە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی لێدەرچێت لە زۆربەی بوارەکانی ژیان بە ئەدەبیشەوە زمان لە شێوەی دەربڕینێکی هێمادار بۆ نواندنی مەبەست و شتەکان خۆی دەنوێنێت. ((زمان لە جەوهەردا نەرێییە، ڕۆڵی ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی واقیع بێت بە وردی و بەپێی پێویست... زۆرجاریش زمان هێزێکی ئەرێ و چالاکیشە دەتوانێت خەیاڵەکان دەربخات و سۆزەکان بوروژێنێت)) (هێیوود، ٢٠٠٧، ل١٢). تەنانەت دەکرێ بڵێین: زمان یارمەتی دروستکردنی خودی جیهان دەدات بەهۆی ئەو پاڵنەرانەی کە لە دوای دەربڕینەکان هەن. بۆیە (زمان تەنیا ڕێگایەک نییە بۆ مامەڵە و قسەکردن بگرە چەکێکە کلک و گوێی بۆ دروست دەکرێت بۆ گەیاندنی مەرامەکان...) (هێیوود، ٢٠٠٧، ل١٢).

جا ئەگەر زمان ئەوەندە کاریگەر بێت لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ... و هەموو ڕەوتەکانی ژیان، بێگومان لەناو ئەدەبی بەرگریش ئەوەی دەکرێ بەهۆی زمانەوەیە، چونکە ئەو بیر و هەستانەی لە لای داهێنەر هەن بەهۆی زمانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت، ئیتر یان ئەوەتا نوسراوەتەوە لەناو کتێب و نامیلکە و ڕۆژنامەکان، یانیش لەسەر لافیتە و دیوارەکان ڕەنگیداوەتەوە، یاخود لە کۆبوونەوەکان بە قسە دەوترێ، یا لە خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان بە هاوار دەوترێن یان بۆتە پەند و دروشم لە نێو خەڵکیدا دەوترێنەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەم زمانەی ئەدەبی بەرگری پێ دەردەبڕدرێ لە زۆربەی کاتدا سیمایەکەی ئەوەیە، کە وشەکان بۆنی زیندوویەتی و حەماسەت و سەربەرزی و یاخیبوون دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا زمانێکە زۆر بە توندی خوێنەر دەوروژێنێت، کار لە هەست و سۆز و دەروونی دەکات و ((وژدانا مرۆڤی د هەژێنیت و ورەیا مرۆڤان بەرزدکەت، و باوەرەکا پیلایێن د دل و مێشکاندا دچینیت ... باوەری یا سەرکەفتنێ د سینگێ مرۆڤی دا دچینیت)) (محەمەد، ٢٠٠٩، ل١٩٧) و بەرەو ئامانج هەنگاوی پێدەنێت، بۆیە دەکرێ بە ئەدەبی بەرگری بوترێت ئەدەبی بەرگری قەڵەم، چونکە شاعیران و نووسەرانی ئەدەبی بەرگری دەیانەوێت ((مرۆڤایەتی لە جەنگ و کاولکاری و کوشتار بپارێزن... دەیانەوێت بنکەی سەربازی بۆ قوتابخانە و زانکۆ بگۆڕێت... قومبەلەکان بکرێنە کتێب...)) (شکری، ١٩٩١، ل٢٠٣).

**5.2 دروستبوونی خەسڵەتی بەرگری لە ئەدەبی کوردیدا:**

نەتەوەی کورد لە کۆنەوە لە لایەن دوژمنان و داگیرکەرانەوە چەوسێندراوەتەوە و ستەمێکی زۆری لێکراوە. ئەگەر سەیرێکی مێژووی گەلەکەمان بکەین پڕە لە ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتی جەرگبڕ، نەتەوەیەکە بە هەموو شێوازێکی دڕندانە هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی دراوە، هەرگیز مافە نەتەوەییەکانی پێ ڕەوا نەبینراوە. بێگومان بوونی هەر قۆناغێک لەم قۆناغە مێژووییانەش دەبێتە هۆی گۆڕانی لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی هەر نەتەوەیەک جا لە هەر سەردەمێکدا بێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی نوێ، کە پێویست بە جۆرە مامەڵەکردنێکی تازە دەکات بە شێوەیەک لەگەڵ سروشتی ئەو بارودۆخە بگونجێت، کە ژیانی سەردەمە نوێیەکە دروستی دەکات، تەنانەت زۆرجار مرۆڤ بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت و ناچار دەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو لێکترازانەی کە لە نێوان خود و واقیعی نوێدا دێتەکایەوە هەڵوێستێک هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە دۆخی هاوتەریبی لە نێوان خۆی و ئەم واقیعە دروست بکات، لەوانەشە بگاتە ڕادەی ئەوەی کە هەندێکجار کەسەکان تووشی ڕەشبینی و نائومێدی ببن.

جا ڕەنگدانەوەی هەموو ئەم ململانێ و دەنگی ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی واقیعێکی نالەبار لە ناخی نووسەر و شاعیری هەر سەردەمێک دروست دەبێ و دەبێتە هۆی تەقینەوەی چەندین بەرهەم و هۆنراوە و پەیڤ و ڕستەی کاریگەر، کە لە ناوەڕۆکیاندا پەیامی بەرپاکردنی شۆڕش و هاندان و وروژاندن و وریابوونەوە و بەرەنگاری و گیان فیدایی و هەڵوەشاندنەوە و هەڵتەکاندنی بناغەی ئەو واقیعەی کە هەیە دوپات دەکەنەوەو لە پێناو بنیاتنانی واقیعێکی لەبار و چاکتر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەنگدانەوەی بیری شۆڕشگێڕیتی لە ئەدەبدا لەسەر بناغەی گۆڕین دامەزراوە، بۆیە کاتێک باسی ئەدەبی بەرگری دەکرێت ((بەو ئەدەبە دادەنرێت کە هۆشی میللەت ڕۆشن دەکاتەوە لەبارەی ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژی، یاخود ئەو ئەدەبەیە کە ڕەخنەیەکی هۆشیارانە لە واقیع دەگرێت و لایەنە چاک و خراپەکانی بۆ میللەت دیاردەکات بۆ ئەوەی لێکیان جیابکاتەوە و لایەنە چاکەکانی بپارێزێت و هەوڵ و کۆششەکانی بخاتەکار و تێبکۆشێ بۆ ئەوەی لایەنە خراپەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵبتەکێنێت)) (حنا، ١٩٥٩،

لا٢٦)، واتە لەم قۆناغە مێژووییانەدا ئەدەبی بەرگری دەبێتە پێگەیەک بۆ بونیادنانی واقیعێکی باشتر یان ڕەتکردنەوەی واقیعێکی خراپ لە پێناو بەرژەوەندی گشتییدا.

لە ئەدەبی کوردیشدا بەهۆی ئەو بارودۆخ و ململانێ مێژوویی و سیاسییانەی، کە کورد تیایاندا ژیاوە، دەست بۆ هەر جۆرێکی ئەدەب ببەیت خەسڵەت و ڕوحیەتی بەرگریت بۆ دەردەکەوێت، جا چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان بە شێوەی ڕەمز و هێما و ئاماژە بێت. جا ئەگەر لێکۆڵینەوەیەک بکەین بۆ ئەوەی بە دوای خەسڵەت و ڕوحیەتی بەرگری بگەڕێین لە ناو هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا هەر لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە بگرە لەگەڵ ئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ نموونە و بەرهەمی ناوازەت بەرچاو دەکەوێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم بەرهەمانە بوونەتە گیان و خوێنی شۆڕشگێران و هێزو توانایان پێ بەخشیوون و بوونەتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی بیری نەتەوایەتی.

لەم باسەدا پەند لەناو ئەدەبی فۆلکلۆردا وەرگیراوە و کراوە بە ئاوێنەی پیشاندانی هزر و بیری بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە لەناو ئەم دەقە فۆلکلۆرییانەدا، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە نەتەوەی کورد خاوەن گەنجینەیەکی بە نرخ و فراوان و دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللییە، فۆلکلۆریش ((یەکەم قۆناغی سەرهەڵدانی هزر و بیرەکەیەتی و ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانیەتی و وێنەی خەباتی هەمیشەیی دژی ئەو لایەنانەی کە لەژێر ڕکێفی دەرچوونە و ئەدگارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و وێنە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە درێژایی مێژوو، و فەلسەفەی ژیانی گەل لەو فۆلکۆرەدا ڕەنگیداوەتەوە)) (ئامێدی، ٢٠٠٥، لا١٤٢-١٤٣). بۆیە ئێمەش لەناو بەشە گرنگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر پەندی پێشینان هەڵدەبژێرین و قۆناغی پراکتیکی بەسەردا جێبەجێ دەکەین.

**3- پەندی پێشینان لە فۆلکلۆری کوردیدا:**

پێناسەی پەند: پەند ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی درێژخایەنی میللەتانە و بە فەلسەفەی نەتەوەیی ناودەبرێت. لەبارەی پێناسەی پەندەوە چەندان پێناسەمان هەن، کە هەریەکێک لەو پێناسانە لە ڕوانگەیەکەوە سنوور و بەهاکەی دەستنیشان دەکات و بەرزی و گرنگی و زیندوویەتییەکەی بەدیار دەخات. ئێمە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

- لە کورتترین پێناسەی پەند دەوترێت: پەند و قسەی نەستەقی کوردی ((واتای جوانی باب و باپیرانە، بیر و ژیری هەموو میللەت و گەلێکی گران بەهایە)) (ڕەسووڵ، ٢٠٠٨، لا٩١)، بە واتایەکی تر، پەندی پێشینان خۆی لەخۆیدا ئەنجامێکە، کە ژیری گەل لەسەر بناغەی دونیا دیدەیی و ئەزموونێکی دەوڵەمەند پێیگەیشتووە.

- یان گوتراوە: ((پەند وتەیەکی کورتی پڕ واتایە و پوختەی تاقیکردنەوەی گەلە لە هەر قۆناغێکدا، بە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی ڕابردوو و ئێستای میللەت دادەنرێت، بە زمانێکی ڕەوان و شێوازێکی جوان بیر و باوەڕی چینەکانی ناو کۆمەڵ دەردەبڕێت)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٨، لا٣٧). لەم پێناسەیەدا دەبینین پەند زیاتر ڕەهەندی مێژوویی پێدراوە و هەروەها پەندی بە قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی گرێداوە.

- کەچی هەندێ پێناسەی تر لەڕووی ئامانج و ناوەڕۆک و مەبەستی پەند وردبوونەتەوە و پەندیان بە جۆرێکی تر لێکداوەتەوە، وەکو شێخ محمدی خاڵ دەڵێت: ((زۆرجار بە پەند ڕەخنە ئەگیرێ لە ناتەواویەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ڕەوشت و ...... بێ ئەوەی کە کەس بترسێ لە زۆردارێکی ستەمکار یا لە سەرۆکێکی دەوڵەتی، چونکە خاوەنی پەندەکە، ون و نادیارە و کەس نازانێ کێیە ... لەبەرئەوەیە پەندی پێشینان کراوە بە سەربازی نادیار تا هەموو کەس بتوانێ لەلاوە چ ڕەخنەیەک ئەگرێ بیگرێ)) (خاڵ، ٢٠٠٧، لا٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەم پێناسەیە بە گوزارشتی سەربازی نادیار بەرەو پیشاندان و ناوەڕۆک و مەبەستی سیاسی پەندەکانمان دەبات.

- تەنانەت ئەگەر سەیری هەندێ پێناسە بکەین ئەوەندە بەشێوەیەکی پاراو و هەستی جوان و ڕەوانبێژییانە پێناسەی پەندیان کرووە، مرۆڤ حەز دەکات وەک چۆن پەند دەخوێنێتەوە ئاواش ئەم پێناسانە بخوێنێتەوە، ئەم هەست دەربڕینانەیان بەرامبەر بە پەند خۆی لە قاڵبێکی ڕەنگین و قەشەنگ و نایاب و دڵڕفێن و ناسکدا دەبینێتەوە، کە پڕ بە واتا و مەبەست و نرخ و بەهای پەندە، وەکو نووسەر دەڵێت: ((پەندی پێشینان شیلەی هەنگوینی بێ مێشی پاڵفتەی پوورەی هەنگی بری پڕ لە ژیری باب و باپیرەکانمانە، کە لە زاری بێ خاری پاکیانەوە هاتوتە دەرەوە، گەوهەر و دووڕ و یاقووت و مرواری ناو دەریای ڕوونی بێ پەی دید و بۆچوون و دەرک و تەسەوری سافیانە، خۆری ڕۆشن و بەتین، یان مانگی بە تریفەی شەو ڕۆژی ئاسمانی بێ لەکەو گەردی بیر و خاڵی بە پیت و فراوانیانە، خەلەی بێ شێلم و مرواری بێ خەوش و پووشی خەرمانی سووری کێڵگەی بە فەڕی ژیرییانە ...)) (هەمزەیی، ٢٠١٢، لا٦-٧).

**1.3 خاسیەتەکانی پەند: پێمانوایە بەشێوەیەکی گشتی خاسیەتەکانی پەند ئەمانەی خوارەوەن:**

1. لەشێوەی فێرکردن و پەند و ئامۆژگاریدان.

2. کورتبڕ و خەست و خۆڵن لە داڕشتندا (شارەزا، ١٩٨٣، لا٦).

3. ((پەند ئاوێنەیەکی گەش و ڕووناکە، ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتی و یاسا و شێوەی نەتەوەکەمان ئەنوێنێ)) (گەردی، ٢٠٠٥، لا١٠).

دەتوانین ئەم خاسیەتانەشی بۆ زیاد بکەین:

4. ئەزموون و تاقیکردنەوەی گەل و فەلسەفەی ژیان نیشان دەدات.

5. خەسڵەتی نەمری و زیندوویەتیان تێدایە و کۆن نابن.

6. بەرهەمێکی تاکە کەسی نییە و هەموو میللەت خاوەنیەتی.

**2.3 ڕووخسار و ناوەڕۆکی پەندی پێشینان:**

1.2.3 لەڕووی ڕووخسارەوە پەندەکان دەبن بە دوو بەش:

1. هۆنراوە: ((زۆر پەند هەیە لە شێوەی چەند دێرە شیعرێک یان زیاتر داڕێژراون و ... بە شێوازێکی جوان و بە کێشی جۆراوجۆر ڕازاوەتنەوە)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٨، لا٤٤). وەکو لەم پەندەدا دەڵێت:

لە شەل هەڵکەوتم خۆم دا بە کوێردا

خوا بەختی منی هەر لار و وێردا (ڕەسووڵ، ٢٠١٠، لا٨٨)

2. پەخشان: ئەمانیش دەبن بە چەند شێوەیەک:

ا- ڕستەی کورتبڕ: ئەم جۆرە پەندە لە وتەیەکی کورت پێکدێت، کە لە چەند وشەیەک تێپەڕ ناکات، وەکو ((ئاگری بن کایە)) (ڕەشاش، ٢٠١٠، لا٩)، یان وتراوە: ((تۆراوی شۆراوی)) (شارەزووری، ٢٠١٠، لا١٦٩).

ب- لە شێوەی پرسیار و وەڵام یاخود مۆنۆلۆگن: ((وتیان بە فەقیر وا سەرما و سۆڵە هات، وتی خۆم ئامادەکردووە بۆ لەرزین)) (کاکەیی، ٢٠٠٨، لا١٧٥)، یان ((وتیان بە گورگ بۆ بە ڕۆژ دەرناکەوی؟ وتی لەبەر کردەوە جوانەکانی شەوم)) (کاکەیی، ٢٠٠٨، لا١٧٥).

ج- لە شێوەی هۆ و هۆکارن: ((پیرە بۆیە وەگیرە)) (شارەزووری، ٢٠١٠، لا١٦٤)، یان ((تا جەفا نەبینی سەفا نابینی)) (شارەزووری، ٢٠١٠، لا١٦٦).

**2.2.3 لەڕووی ناوەڕۆکەوە پەندەکان بەشێوەیەکی گشتی بەسەر چەند لایەنێک دابەش دەبن:**

ا- گوزارشت لە لایەنێکی کۆمەڵایەتی دەکات، وەک ((هەتا هەمبوو چشت و مشت من بووم برای پشتاو پشت، ئێستا شک نابەم چشت و مشت منم دوژمن برا کوشت)) (کاکەیی، ٢٠٠٨، لا١٨٦).

ب- گوزارشت لە ناوەڕۆکێکی ئابووری دەکات، وەک ((پیاو بە کارەوە دیارە)) (زاری خەڵکی)، یان ((داری بێ بەر بۆ برین باشە)) (زاری خەڵکی).

ت- یاخود ناوەڕۆکێکی ئایینیان هەیە، وەک ((خودا ڕازیقە، بەڵام ئحمێکی دەوێت)) (گەردی، ٢٠٠٥، لا٧٢)، یان وتراوە ((خودایە ئاهی مەزڵومان تێک دەی تەختی خاتوونان)) (گەردی، ٢٠٠٥، لا٧٣).

پ- لە ناوەڕۆکی گاڵتەئامێزیش بەدەر نین، وەک ((وتیان ڕێوی چەند بەند ئەزانی؟ وتی نەوەد و نۆ چاکترینیان پێچ کردنەوەیە)) (ئەڵوەنی، ٢٠٠٧، لا٨٧).

ج- ناوەڕۆکی سیاسی، وەکو لەم پەندەدا بەدەردەکەوێ: ((هەموو شتێک لە باریکیدا دەپچڕێت، تەنها زوڵم و زۆرداری نەبێت لە ئەستووریدا دەپچڕێت)) (زاری خەڵکی).

ئەو ناوەڕۆکانەی بۆ پەند دەستنیشانمان کردن تەنها بە شێوەیەکی گشتی بوون، ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لێیان بکۆڵرێتەوە لە هەریەک لەو ناوەڕۆکانەی دەستنیشانکران چەندین چەمک و لایەنی جیاجیای تری لێ دەبێتەوە، بۆ نموونە: لە لایەنی ئابووری، هاندان بۆ کارکردن و قەناعەت و پشت بەستن بە خوا لە کارکردن و ... چەندین لایەنی تری لێ دەبێتەوە، یاخود لە لایەنی سیاسی، دەتوانرێ چەمکی بەرگریکردن و دانبەخۆداگرتن و یەکگرتن و ... لێی دەربهێندرێ و پەندیان بۆ دەستنیشان بکرێت. بۆ ناوەڕۆکەکانی دیکەی پەندیش بە هەمان شێوەیە، چونکە لە ڕاستیدا ئەم پەندانە دەکرێ وەکو چرایەک بیانگرین بەدەستەوە و تاریکایی ڕێگای ژیانی خۆمانی پێ ڕۆشن بکەینەوە و لە هەموو لایەنەکانی ژیان سوودیان لێوەربگرین، وەکو سیاسی، ئایینی، دارایی، کۆمەڵایەتی و

ڕەوشتی، جەنگ و ئاشتی، فەرهەنگ و زانیاری، پەروەردە و پێگەیاندن و ... هتد، چونکە پەندەکان ئەزموونی سەدان هەزار کەسی لە قۆناغەکانی ژیاندا تیا پوخت کراوەتەوە و وەکو ڕێباز و پەندی ژیان دارێژراوە.

**4. ڕەنگدانەوەی هزری بەرگری لە پەندی پێشینانی کوردیدا:**

لە پەندی پێشینانی کوردیدا، کە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە و لە ئەزموونی ژیانەوە هەڵقووڵاوە، دەبینین لە پاڵ هزرە جیاوازەکاندا چەندین هزری بەرگری بە هەموو واتا و چەمک و خەسڵەتەکانی تێدا دەردەکەوێت و ((وێنەیەکی قووڵ و جوانی فیداکاری و بەرهەڵستی و لەخۆبوردن لەناویاندا نەخشە کێشراوە)) (ئامێدی، ٢٠٠٥، ل١٥٢)، هەروەها ((پەندەکانمان ساز و لەبارن بۆ پەروەردەی فیکری و دەروونی و سۆزی گەل و نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری و خاکدۆستی و پلانی بەرێوجێ)) (هەمزەیی، ٢٠١٢، ل٨٧)، ئەمە جگە لەوەی پەندەکان بەگشتی زۆر سەربەست و ئازاد و دوورن لە هەموو ترس و ڕووپامایی و چاوشۆڕی و ماستاوکردن و خۆبردنەپێشەوە، کە ئەمەش نەفس بەرزی کورد دەگەیەنێت، بۆیە ئێمەش ئەو پەندانەمان هەڵبژاردووە، کە خاسیەت و ڕوحی بەرگری لەناویاندا ڕەنگ دەداتەوە.

هزر و گوزارشتە بەرگرییەکان لەناو پەندە کوردییەکاندا بە چەند شێوازێکی جیاجیا دەربڕاون، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمداوە لەژێر چەند ناونیشانێک پۆلێنیان بکەم:

**1.4 هزری هاندان بۆ شەڕ و بەرگری و یاخیبوون:**

- تفەنگ بۆ نیشان، ئەسپیش بۆ مەیدان (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٧٠).
- شەڕ یەقەت ئەگرێ، ئەگەر نەیکەی خوا ئەتگرێ (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٢١).
- ئەگەر خوازیاری ئاشتیت، ئامادەی شەڕ بە (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٩).
- ئەڵێی بە هیوا کەس لێت ناپرسێت، دەنگی تۆپ نەبێ هیچ کەس ناترسێ (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٩).
- خونچەی ئازادی بە خوێن دەگەشێتەوە (گەردی، ٢٠٠٥، ل٧٣).

**2.4 هزری هاندان بۆ یەکگرتن و یەکڕیزی:**

- تنۆکە تنۆکە باران یەک بگرێ دەبێ بە تۆفان (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٧١).
- هەموو عالەم تف بکا تۆفان هەڵئەسێ (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٩١).
- تا قەترە قەترە نەبارێ دەریا دروست نابێ (گەردی، ٢٠٠٥، ل٥٤).
- مێشوولە کۆمەڵ بێ، فیل یەخ دەکەن (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٥٣).
- برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لەلای خودا بێ (خاڵ، ٢٠٠٧، ل٩٦).

**3.4 هزری گیانفیدایی و بێ ئومێدبوون لە ژیان:**

- دەمێکە قەبرم بۆ خۆم هەڵکەنووە (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٠٢).
- تا شیریت دەبڕێت مەردانە هەستە، ناوی پیاوەتیت بمێنێ بەستە (گەردی، ٢٠٠٥، ل٥٤).
- تا چیایەک نەڕوخێ کەندێک پڕ نابێتەوە (گەردی، ٢٠٠٥، ل٥٤).
- پیاو کە تەڕ بوو لە باران ناترسێ (شارەزووری، ٢٠١٠، ل١٦٣).
- سەر بۆ سەربڕین نەک بۆ سەرزەنشت (خاڵ، ٢٠٠٧، ل٢٤٣).

**4.4 هزری دان بەخۆداگرتن لە بەرگریکردندا:**

- دڵۆپە ئاسنیش کون دەکا (گەردی، ٢٠٠٥، ل٨٨).
- دوژمنت بە شەکراو بخنکێنە (گەردی، ٢٠٠٥، ل٨٨).
- سەری دوژمن بە پەمۆ ببڕە (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٠٤).

**5.4 هزری هەوڵدان و کارکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆشییەکانی ژیان بۆ گەیشتن بە مەبەست:**

- بزمار بە جارێک داناکوترێت (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٤٦).
- هەر کەسێ پەڕی تاووسی ئەوێ ئەبێ زەحمەتی ڕێگای هندستان بکێشێ (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٤٨).
- دۆ بێ هەژاندن کەرە نادات (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٨٤).
- ڕێوێیەکی گەڕۆک لە شێرێکی نووستوو باشترە (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٧٥).
- بولبول نەکێشێ جەفای ڕۆژگار، ڕێگەی نادەنێ بڕواتە گوڵزار (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٩٤).
- پیاو ئەو پیاوەیە شیرینیش بخوا و تاڵیش بخوا (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٦٨).
- کەوتن قەیدی ناکە هەڵسانەوە شەرتە (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٢٨).

**6.4 هزری سەربەرزی و نەفس بەرزی:**

- حاکم ببێ بە پەرد بە سەریا مەڕۆ (خاڵ، ٢٠٠٧، ل١٥٩).
- پیاوی مەرد قسە ئەدوێنێ، سەر نانوێنێ (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٦٥).
- پیاو سەر ئەدوڕێنێ، بەڵام قسە نادۆڕێنێ (گەردی، ٢٠٠٥، ل٤٨).
- پێت بخلیسکێ، نەک زمانت (گەردی، ٢٠٠٥، ل٥٠).
- کەم بژی کەڵ بژی (گەردی، ٢٠٠٥، ل٥٨).
- ڕۆژێک بەسەر بەرزی، نەک سەد ساڵ بە مل حیزی (گەردی، ٢٠٠٥، ل٩٢).
- ڕۆژێک بە کەڵەشێری بژی، نەک هەزار ڕۆژ بە مریشکی (گەردی، ٢٠٠٥، ل٩٢)، یاخود دەڵێ: ڕۆژێکی کەڵەشێری هەزار ڕۆژی باڕۆکەیی دێنێ (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٢٦).

**7.4 هزری گەشبینی و ئومێد بۆ سەرکەوتن:**

- تاریکی چەند توند بێ ڕووناکی مومێک ناشارێتەوە (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٦٨).
- ڕۆژ کە هەڵات کونەبوو کوێر ئەبێ (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٠٦).
- زستان هەر ئەڕوا و ڕووی خەڵووز ڕەش ئەبێ (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١١٠).
- شەو چەند درێژ بێ شەفەقی لە دوایە (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٢٢).
- کەڵەشێریش نەبێت هەر ڕۆژ ئەبێتەوە (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٢٧).
- هەر زستانێک بەهارێکی لە دوایە (گەردی، ٢٠٠٥، ل١٦٥).

**8.4 هزری تۆڵە و چاونەترسی:**

- ڕۆژێکم مابێ لە کارا کلکم ئەکەم بە دارا (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل٦٨).
- هێشتا شەقەی قەڵماسینگی نەبینیوە (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٠٦).
- تاریکە شەو قەڵای مێردە (کاکەیی، ٢٠٠٨، ل١٩٢).
- پشتم سەفین بێت تف لە ئاسنیش ئەکەم (گەردی، ٢٠٠٥، ل٥٩).
- جام ئەگەر پڕ بوو لەسەری دەڕژێ (گەردی، ٢٠٠٥، ل٤٧).
- حاشا لەو خوێنەی شەوی بەسەر دابێت (خاڵ، ٢٠٠٧، ل١٥٩).

**5- ئەنجام:**

1. هزری بەرگری لە ئەدەبێکی گیانی خۆی دەنوێنێت، هەڵگری چەند ئاکارێکی باڵایە، بەرەو سیستەمێکی گشتی مرۆڤایەتی هەنگاودەنێت.
2. لە ئەدەبی بەرگری بە پلەی یەکەم شیعری بەرگری ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی گەل هەبووە، بەڵام پەندەکانیش توانیوویانە ڕۆڵی تەواوکار بگێڕن.

3. ناوەڕۆکی پەندەکان هەمەجۆرن لە گوزارشتکردنی بابەت و هزری بەرگریدا.
4. ئەو پەندانەی گوزارشت لە هزری بەرگریکردن دەکەن ڕۆڵیان لە هاندان و جوڵاندنی ویژدانی مرۆڤدا هەیە.
5. پەندەکان تۆوی گیانی بەرگری لە ناخی مرۆڤدا دەچێنن بەهۆی بەهێزی ناوەڕۆکەکانیانەوە.

### 6- لیستی سەرچاوەکان:

#### أ- بە زمانی کوردی:


ئەڵوەنی، نەجم. (٢٠٠٧). ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتە ئامێزی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر.

ئەڵوەنی، نەجم (٢٠٠٨). پەند و قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

ئامێدی، عبدالله یاسین عەلی. (٢٠٠٥). هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا (١٩٣٩-١٩٧٠)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر.

ئاگرین، عبدالله. (٢٠١٥). وانەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

ئاگرین، عبدالله. (١٩٩٦). شیعری سیاسی کوردی لە باشووری کوردستان ١٩١٨- ١٩٣٠، چاپی یەکەم.

ابراهیم، محمد فقی. (؟). فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی، چاپی یەکەم.

تەیرۆ، سالح محەمەد. (٢٠١٢). بەرخودان ژ پێخەمەت ئارمانجێن ڕەوا و نەتەوەیی منەت تێدا نینە، رۆژناما ئەڤرۆ، ژ: (١٠٥٣).

خاڵ، شێخ محمد. (٢٠٠٧). پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، چاپخانەی شفان، دەزگای سەردەم.

ڕەسووڵ، شوکریە. (٢٠٠٨). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا. (٢٠١٠). لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

ڕەشاش، حەمید. (٢٠١٠). پەندی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک.

زاری خەڵکی.

شارەزا، کەریم. (١٩٨٣). پەندی بەراوردکاری، چاپخانەی سەمیر ڕمیس، بەغدا.

شارەزووری، عەلی مەعروف. (٢٠١٠). پەندی پێشینانی کورد، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

شوکری، فەهمی. (١٩٩١). بەرگری لە شیعرەکانی جگەر خوێندان نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان.

کاکەیی، هەردەوێڵ. (٢٠٠٨). پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە ناوچەی کەرکوکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

گەردی، حەمید. (٢٠٠٥). گەنجینە و کولتوری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

محەمەد، حەمدیە حەسەن. (٢٠٠٩). لایێ هونەری و ناڤەرۆکا هۆزانا (سەبری بوتانی)، ناما ماستەرێ، زانکویا دهوک، کولیژا ئاداب.

نظام الدین، فاضل. (١٩٩٠). ئەستێرە گەشە، فەرهەنگێکی کوردی - عەرەبییە، چاپی یەکەم، جاپخانەی بەغدا.

هێیوود، ئاندرۆ. (٢٠٠٧). تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

هەمزەیی، بەکر کانی. (٢٠١٢). پەندی پێشینان بە هۆنراوە، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلێمانی.


#### ب- بە زمانی عەرەبی:


جمعة، حسین. (٢٠٠٧). المقاومة قراءة في التاريخ والواقع والافاق، دمشق، سوريا.

حنا، جورج. (١٩٥٩). معنى الثورة، الطبعة الثانية، دار بيروت للطباعة والنشر.

شكرى، غالى. (١٩٩١). شعرنا الحديث الى أين، دار الافاق الجديدة، الطبعة الثانية.

نصار، نواف. (٢٠٠٧). معجم المصطلحات الادبية (عربي - انجليزي)، دار المعتز، عمان.


#### ت- ئەنتەرنێت:


نەتەوە یەکگرتووەکان. (١٩٤٥). دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە 2022/10/2 وەرگیراوە لە https://www.un.org/ar/about-us/un-charter/full-text.

نجم، السيد. (٢٠٢٢). ملامح أدب المقاومة فى روايات نجيب محفوظ، لە 2022/3/30 وەرگیراوە لە https://www.aljabriabed.net/n83_10najm.(1).htm.

**انعكاس فكر المقاومة في الأمثال الكردية**

**سازان جوهر حمه غريب**
كلية اللغات - قسم اللغة الكردية / جامعة صلاح الدين
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

**ملخص**
هذا البحث بعنوان (انعكاس فكر المقاومة في الأمثال الكردية)، فرصة للتعرف أكثر على الأفكار حول الدفاع والتشجيع على المقاومة والتمرد والوحدة والشجاعة، والتي تنعكس في تعابير مختلفة في الأمثال الكردية. يتكون البحث من مقدمة وجزئين. الجزء الأول نظري ويتكون من مبحثين. المبحث الأول مخصص لشرح المفاهيم والمصطلحات اللازمة لفهم مفهوم المقاومة مثل مصطلح المقاومة ومفهوم المقاومة في السياسة وأدب المقاومة ودور اللغة في أدب المقاومة وتشكيل خصائص المقاومة في الأدب الكردي. أما المبحث الثاني فيعرض تعريف وخصائص الأمثال وظهور ومحتوى أمثال الأجداد. ما يتعلق بالجزء الثاني عملي وقد جرت محاولة لتمييز التعبيرات المختلفة لأسلوب المقاومة ضمن الأمثال وتصنيفها. وأخيراً، تم عرض نتائج الدراسة وقائمة المصادر، و تم عرض ملخص الدراسة باللغتين العربية والإنجليزية.

**الكلمات الرئيسية:** مصطلح المقاومة، مفهوم المقاومة، أدب المقاومة، الأمثال، المقاومة، التمرد، التضحية.

**Reflection of the Thought of Defense in Kurdish Proverbs**

**Sazan Jawhar Hamaghareb**
Kurdish Department, College of Languages, Salahaddin University-Erbil
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

**Abstract**
This research is entitled (Reflection of the Thought of Defense in Kurdish Proverbs), an opportunity to become more familiar with the thoughts and ideas about defense and encouragement to resistance, rebellion, unity and fearlessness, which are reflected in different expressions in Kurdish proverbs. The paper consists of an introduction and two parts. The first part is theoretical and consists of two topics. The first topic is devoted to explaining the concepts and terms necessary to understand the concept of defense such as defense terms, defense concepts in politics, defense literature, the role of language in defense literature, and the formation of defensive characteristics in Kurdish literature. The second topic presents the definition and characteristics of proverbs and the appearance and content of proverbs of the ancestors. What is related to the second part is practical and an attempt has been made to distinguish the various expressions of the method of defense within the proverbs and classify them under their own titles. Finally, the results of the study and a list of sources were presented, and a summary of the study was presented in both Arabic and English.

**Keywords:** the term defense, the concept of defense, literature of defense, proverbs, rebellion, sacrifice.